www.kurdistannet.org

27-4-2006 13:59بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەیە بە ناوی هونەرمەند زەکەریا بەخراپ باسی خۆی دەکات وهەرخۆشی وەڵامی خۆی دەداتەوە... هونەر فارس

رۆژانە مرۆڤ دەتوانی بە دەیان ناوی جیا جیا شت بنوسێ وبۆ سایتەکانی بنێری هەرجارەی بە ناوێک بڵاوی بکاتەوە.. ئەوەکارێکی ئاساییە بەڵام سەیر لەوەدایە تەنها بۆ ئەوەی ناو بڵاو بکەیتەوە بەخراپ باسی خۆت بکەیت بە زمانی یەکێکی تر وە رۆژی پاشتر هەر خۆت وەلامی خۆت بدەیتەوە..

لەم رۆژانە نووسینێکم خوێندەوە بەناوی..

زانا و بلیمەتی کورد زەکەریا عەبدوڵڵا لەئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب گەورەترە ... گۆران قلادزەیی

http://kurdistannet. biz/2006/4-2006/26-4/welamek. pdf

وەک دەڵێن ئەوەی حەرفێکی خوێندبێ دەزانێ نووسەری ئەم بابەتە چەند ئازایانە هێرشی کردۆتە سەر هونەرمەند زەکەریا و بە چ مەبەستێک. هەر بەوە نەوەستاوە هونەرمەند زیاد ئەسعەد هانبدا بەلکو ویستوویەتی هەموو کوردپەروەرەک تورەبکات بەوەی کە زەکەریای لە ئاڵای کوردستان گەورەتر زانیوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش باسی خۆی کردووە هێرشی کردۆتە سەر خۆی.. ناوی لە خۆی ناوە گۆران قەڵادزەیی

ئەوەی ڕاستی بێ نووسەر نە گۆرانەو نە قەلادزەییش....

هەر رۆژی پاشتر هەر لە کوردستاننێتدا ئەوبرادەرە بەڕێزە ئەمجارەیان شتێکی بەناوی خۆی نووسیوە هێرشێکی جوانی کردۆتە سەر هونەرمەند زەکەریـــــا هەرچی پێی کراوە نووسیویەتی بەم ناوە

وەڵامێکی کورت بۆ دۆستەکانی زەکەریا هەولێری!.. شیروان بێ دڵ

http://kurdistannet. biz/2006/4-2006/27-4/welamekikurt. pdf

هەڵبەتە ئەوەی کەمێک شارەزایی هەبێ لە بەرنامەی وۆرد دەزانێ ئەم دوو نووسینە بە یەک کۆمپیوتەر نووسراوە و بە یەک فۆنت نووسراوە هەمان قەبارەو هەمان ئیندارگ وهەمان ڕاکێشانی هێلیان هەیە. تکا دەکەم خوێنەری خۆشەویست ئێوەش تەماشا بکەن بزانن قسەکەم وایە یان نا. کە خوێندتانەوە زیاتر بۆتان دەردەکەوی وە هەربۆ زانیاریتان هەمیشە کاک شێروان بێ دڵ بەم ستایلە دەنووسێ بۆی هەیە هۆیەکەشی ئەوەبێ کە زۆر شارەزایی لە بەرنامەی (وۆرد) نییە. چونکە بەرنامەی میکرۆسۆفت وۆردیش شارەزایی دەوێ

هەر بۆ زیاتر پشت ڕاست کردنی نووسینەکەم دەتوانن بەهەندێک نووسینەکانی کاک شێروان بێ دڵ دا بچنەوە

کە پێشتر لە سایتی کوردستاننێتدا بڵاوی کردیتەوە بۆ نموونە..

http://kurdistannet. biz/2006/2-2006/25-2/torawe. pdf

http://kurdistannet. biz/2006/2-2006/11-2/velantain. pdf

ئەگەر تەماشا بکەن هەرهەموویان یەک نووسەرەو یەک فۆنت ویەک شێوە.. ئیتر بەکاک شێروان بێ دڵ دەڵێن

کاک شێروان شاعیر مرۆڤێکی هەست ناسکەو هەستی خەلک دەجولێنی بە هۆنراوەکانی نەک بەم شێوەیەوە

برای بەڕێزم کاک شێروان.. ناوبانگی وناو دەرکردن بەم شێوەیەنابی بەدەیان جار دبینین بەڕێزت هێرش دکەیتە سەر هونەرمەند زەکەریا بەڵام نەمانزانی جارێک زەکەریا بەباش یان بەخراپ باست بکا، باوەڕیش ناکەم قەت باست بکا..

وەئەگەر هۆنراوەی (ڕێبواری ماندووی ڕێ دوورم) وەک خۆت باس دەکەیت ئی تۆ بێت یان سەرەتایی هۆنراوەکە تۆ نووسیوتە پاشان سەرکەوت ڕەسول دەستکاری کردووە. ئەوە قەت ناکا زەکەریا لە تۆی

دزیوە چونکە وەک خۆت دەلێی خۆت هۆنراوەکەت بە زەکەریا داوە بەلاّم بۆی هەیە سەرکەوت دەستکاری کردبێ
وە دەستکارییەکە بۆی هەیە لە سەدا حەفتا پتر بێ بۆیە بەناوی ئەو بلاّو کراوەتەوە وە پێمان خۆشە بەرێزت
رۆژێک لە رۆژان لە کورستاننێت ئەم هۆنراوەیە بلاّو بکەیتەوە وەک ئەوەی خۆت نوسیووتە..
چونکە وەک دەزانین شیعری گۆرانی دەبێ ناسک بێ وە سەرکەوتیش شتی ناسک دەنوسێ. پێم وایە ئەوە هێندە ناهێنێ تۆ بەدرێژایی ژیانت بیکەیت بەبابەت. ئیتر فەرموو گۆرانیبێژ زۆرەو ئەگەر تۆش شاعیری ووشەزۆرە..
لەکۆتایی دەلێم تکایە بە پیاوی زەکەریام لە قەلەم مەدە تەنها ئەوەنەبێ کە حەزم کرد ڕاستی بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە.. تکایە کاک شێروان ئەگەر بێ دلێشی بێ ویژدان مەبە..
ئیتر پڕ بەدلّ هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم